# سەماحەتی حەکیم .. سەردانەکەی سەرۆکی وەزیران بۆ واشنتۆن وێنەیەکی ئەرێنی لەسەر سروشتی سەقامگیری عێراق پیشاندا




بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بەخاتوون ئالینا ڕۆمانۆسکی بالیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا کەوت و لەم دیدارە باس لە پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی عیراق و ناوچەکە و ئەنجامەکانی سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ واشنتۆن کاریگەری لەسەر خۆشکردنی ڕێوشەکە کرد و هەروەها پەیامێك بوو بۆ ئەوەی دەرکەوێت کە عێراق لەسەر هەموو ئاستەکاندا سەقامگیرە و دۆخەکەشی بە ئەرێنی وەسف دەکرێت.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان بەغدا و واشنتۆن لە ڕووی ئابووری داواشی کرد ئەو هەلانەی وەبەرهێنان بقۆسترێتەوە کە عێراق لەم دواییە پێشکەشی کردوە.

سەماحەتی داوای کرد کارەکانی هاوپەیمانەتی نێودەوڵەتی بەگفتوگۆ بەکۆتا بهێنرێت و بۆ پەیوەندییەکی دووقۆڵی بگۆڕدرێت کە بەرژەوەندی و سەروەری عێراقی تێدا پارێزراو بێت، هەروەها هانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دا بەوەی هەنگاوی پراکتیکی بدات بۆ ئەوەی شەڕی زاڵمانەی سەر غەزە بوەستێنرێت، دووپاتیشی کردووە کە یاساکانی شەرعیەتی نێودەوڵەتی دەبێت لەسەر هەمووان جێبەجێبکرێت تا شکۆی و پێگەی خۆی لەدەست نەدات، جەختیشی کردەوە کە پێویستە هاوکاری مرۆیی بۆ گەلی وێرانکراو بنێردرێت و شارەکەش ئاوەدان بکرێتەوە.